Sorani
Integration

# هاوگونجی

**ڕۆژی هەڵبژاردن ١٧ سێپتەمبەر (٢٦ گەلاوێژ) بڕیار لەسەر ئاییندەی سوێد دەدرێت و ئەوە من و تۆین کە هەڵدەبژێرین. ئێمە هەموومان هەمان بەرپرسیاریمان هەیە، دەنگەکانمان هاوسەنگن. ئایا سیستەمی خۆشگوزەرانیی باشتر بکەین یان لەو ڕێگایەوە کە هەر پێنجهەمین کرۆنێکی باج لە خەزنە هاوبەشەکە لاببەین، خراپتری بکەین؟**

پیاوان و ئافرەتان هەموو دەبێت هاوماف، هاوئەرك و هاوهەل بن باوەجودی پێشینەی ڕەووشتیی (نەریتی)، ئایینی یان کولتوریی. ئێمەی سۆشیالدیموکرات دەمانەوێت سوێد لەسەر بناخەی هەمەلایەنەیی دابمەزرێت. هاوبەشێتیەکە دەبێت لەسەر بنەمای ڕێزی بەرابەر بۆ جیاوازیەکان دابمەزرێت لە چوارچێوەی بەها دیموکراسیە بنچینەییەکاندا. هەموو لایەك دەبێت هەست بە هاوبەشیبوون و بەرپرسیاری بکات.

لەمڕۆی سوێددا خەڵکانێك دەژین کە لە زۆر وڵاتی جیاوازەوە هاتوون. ئەمە سوێد دەوڵەتمەند دەکات و پێش دەخات و پشتگیرییەکی بەهێزیشە بۆ هاوگونجی و هەمەلایەنی. بەڵام هەروەها بەرەنگاربوونەوەی گەورەش لەبەردەمدا هەن. کەسانی سوێدی کە پێشینەی بیانیان هەیە تا ئێستاش ڕووبەڕووی هەڵاواردن و پێشقەزاوات دەبنەوە. کەسان بە پێشینەی بیانیەوە زیاتر دووچاری بێکاری دەبن. قابیلی قبووڵ نییە کە ئەم نادادیانە هەبن. ئێمەی سۆشیالدیموکرات لەبەرئەوە کۆمەڵێك هەنگاوەچارەمان ناوە بۆ ئەوەی هاوگونجیەکە باشتر بکەین، کۆتایی بە هەڵاواردن بهێنین و کار زیاتر بکەین. زۆر شت باشتر بووە. بەڵام ئەمە بەس ناکات و زۆر شت ماوە بکردرێت.

**کار بناخەیە بۆ هاوگونجی**

کار بناخەیە هەم بۆ هاوگونجی و هەم بۆ گەشەی ئابووریش. کار هەروەها گرینگیشە بۆ دەستەڵاتی تاکەکەس بەسەر ژیانی خۆیدا. لە سوێد ئێمە ئاستێکی بەرزی ئومێدمان هەیە بۆ ئەوەی کە ئەوانەی مۆڵەتی مانەوە وەردەگرن زوو بە زوو زمانی سوێدی فێر ببن و دەست بە کار بکەن. ئێمە بەر لە هەموو شتێك دەمانەوێت هاوگونجی باشتر بکەین لەو ڕێگایەوە کە بارودۆخ بۆ هەبوونی کاری زیاتر و بۆ گەشەپێدان بە سیستەمی خۆشگوزەرانی گشتیی ساز بکەین.

دەتەوێت ببیت بە ئەندام یان زیاتر بزانیت، سەردانی socialdemokraterna.se بکە یان تەلەفۆن بۆ ژمارە 27 27 700 -08 بکە

ئێمە کۆمەڵێك هەنگاوەچارەمان ناوە بۆ زیاترکردنی کاروبار لە ناو ئەو کەسانەدا کە لە وڵاتی دیکە لەدایکبوون و لە ساڵی ١٩٩٤ ـەوە هەبوونی کار لە ناو ئەو کەسانەدا کە لە وڵاتی دیکە لەدایکبوون بە یەکەی ٦٪ (procentenheter) زیادی کردووە. بەڵام ئەمە بەس ناکات. ڕادەی بێکاری زۆر لە ناو ئەو کەسانەدا کە لە دەرەوەی سوێد لە دایکبوون هەر بەو مانایە نایەت کە خەڵك دووچاری گرفت دەبن لە بەرپرسیاری خۆبەخێوکردندا، بەڵکو هەروەها توانستی بەنرخیش لە کیس دەچێت. ئێمە دەمانەوێت چارەسەر بە پێی پێداویستی هەر تاکەکەسێك بدۆزینەوە.

- ئێمە بێ لە کۆمەڵێك شت هەروەها دەمانەوێت گرەو لەسەر ئەوە بکەین کە کەرەستە (پارە) بە ڕێکخراوگەلی ئیدیئالی بدەین بۆ ئەوەی تۆڕی پێوەندی خۆیان بەکار ببەن تا چوونەژوورەوە بۆ ناو بازاڕی کار بۆ ئافرەتان و پیاوانی لە دەرەوەی سوید لە دایکبوو هاسانتر بکەین.
- فێرکردنی زمانی سوێدی باشتر دەکرێت و باشتر لەگەڵ پێداویستی تاکەکەسدا دەگونجێندرێت تا زووتر بتوانێت زمانی سوێدی فێر ببێت و بکەوێتە کار. هەر ئێستا کارێك دەستی پێ کراوە بۆ ئەوەی گەشە  به توانستی مامۆستاکان لە وانەی سوێدی بۆ بیانیان بدرێت و فێرکردنەکە بەکارتر بکردرێت.
- ئێستا ڕێگاچارەی نوێ لە ئارادایە بۆ قبووڵکردن و تەواوکردنی  بەڵگەنامەی خوێندنی لە دەرەوەی سوێدەوە هاتوو.
- لە پرۆگرامێکی دە خاڵیی نوێدا حوکمەتی سۆشیالدیموکراتی یەك ملیارد کرۆنی زێدەی داناوە بۆ زیاترکردنی کاروبار لە ناو ئەوانەدا کە لە دەرەوەی سوێد لە دایکبوون.

## کاری بەهێزترکراو دژ بە هەڵاواردن

تا ئێستاش پێشقەزاواتی ڕەگەزیی و هەڵاواردن هەیە دژ بە خەڵکانێك کە ئیتنیك، کولتور و ئایینی جیاوازیان هەیە. هەڵاواردن بەو مانایە دێت کە هەمان ماف و هەل بە هەمووان نادرێت. ئەمە چوونەژوورەوەی ئافرەتان و پیاوانی کۆچبەر بۆ ناو بازاڕی کار و ژیانی کۆمەڵگا بەرسنوور دەکات. هەڵوێستەکان لە کۆمەڵگادا دەبێت بگۆڕدرێن و یاسا پێویستە هەبێت دژ بە هەموو شێوەیەکی هەڵاواردن. حوکمەتی سۆشیالدیموکرات لەبەرئەوە یاساگەلی توندتری خستووەتە گەڕ دژ بە هەڵاواردن و کەرەستەی زۆر بەهێزتر و زێدەتری بە نوێنەری هەڵاواردن (Diskrimineringsombudsmannen) داوە.

## گەشەدان بە ناوچەی خانووبەرەی دووچاربوو

ئێمە سیاسەتێکی تایبەتیمان بۆ ناوچەی خانووبەرەی دووچاربوو هەیە. بۆ ئێمەی سۆشیالدیموکرات ئەوە بێگومانیەکە کە گەورەترین گرەوی ئێمە لەو شوێنانە بکرێت کە بەڕاستی پێویستیانە. ئەوە بۆ نموونە بەو مانایە دێت کە کەرەستەی زێدەتر بۆ ئەو خوێندنگایانە تەرخان بکرێن کە خوێندکاری کەمتر تیایاندا ئامانج دەپێکن. ئێمە دەمانەوێت کە ئەو (١٠٠) سەد خوێندنگایەی سوێد کە هەرە پێویستیان هەیە کەرەستەی (پارەی) کۆمەکی دەوڵەت وەربگرن بۆ ئەوەی هەزار (١٠٠٠) مامۆستای نوێ و کارمەندی دیکە دابمەزرێنرێن. ئێمە

دەمانەوێت گرەو لەسەر فێرکردنی خوێندنی مۆدێرن بکەین لەو شارەوانیانەدا کە ڕادەی ژمارەی لاوانیان زۆرە کە پێشینەی بیانیان هەیە.

## بەدیل (ئەڵتەرناتیڤ)

دژ بە سیاسەتی ئێمە کە هەمووان دەبێت هاوماف، هاوئەرك و هاوهەل بن باوەجودی پێشینەی ڕەووشتیی، ئاییني یان کولتوریی، ئەوا مۆدێراتەکان و هاوپەیمانیی بەرەی ڕاستی وێستاون. ئەوان دەیانەوێت کەرەستەکان (پارە و خستنەگەڕ) بۆ بازاڕی کار بە هەشت (٨) ملیارد کرۆن کەم بکەنەوە. هەر زۆر زەحمەت پیاو دەتوانێت تێ بگات کە سیاسەتێکی ئاوەها چۆن دەتوانێت ژمارەی کار زێدەتر بکات لە ناو خەڵکانی پێشینە بیانیدا. کاتێك کە خەڵك هەلیان دەست نەکەوێت کە بتوانن خۆیان بەڕێوەبەرن ئەوا دەرهاویشتن دروست دەبێت. هاوکات مۆدێراتەکان دەیانەوێت بازاڕێکی کاری مووچە نزم دروست بکەن لەو ڕێگایەوە کە خەڵکان ناچار بکەن کاری مووچە نزم وەربگرن، باوەجودی ئەوەی چ توانست و خوێندنێکیان هەیە. گرفتی سیستەمێکی لەو جۆرە ئەوەیە کە خەڵك لە ناو کاری مووچە نزمدا گیر دەخۆن، تەنانەت ئەگەر خاوەن خوێندنی باشیش بن.

لە سوێدی ئێمەدا دەبێت هەمووان لەگەڵدا بن. تۆ چ سوێدێک هەڵدەبژێریت؟

دەتەوێت ببیت بە ئەندام یان زیاتر بزانیت، سەردانی socialdemokraterna.se بکە یان تەلەفۆن بۆ ژمارە 08-700 27 27 بکە